

**کازم فەتاح :**

## لەدوای ئەنفال پێناسی باری کەسێتیم نەبوو، دایکم و باوکم لە نوس هێشتا هەر کوروکچ بوون، ئەوە بۆمن بووە گرفت وەهتا چاکم کرد زۆری پێچوو.

**ناو : کازم فەتاح محەمەد**

**لە دایکبوی : بە پێناسە ١٩٨٢ بەڵام لەبنەرەتدا نازانێ**

**شوێنی نیشتەجێی ساتەوەختی ڕوداو : کوڵەجۆی حاجی حەمە جان**

**دانیشتووی ئێستا : ڕزگاری – گەرەکی ئاسودە**

**دیمانە عومەر محەمەد .**

**فۆتۆ:سمکۆ سابیر .**

**کات : ٢٠١٦/١١/٥ /٨:٣٠ی شەو.**

**شوێن : ڕزگاری ماڵی کازم .**

لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا لەگەڵ هاوڕێ وهاوکارم سمکۆسابیر گەیشتینە کۆمەڵگای ڕزگاری، هەرچەندە ئێمە دەبوو زووتر لە وادەی خۆمان بگەیشتینایە، بەڵام بەلای کەمەوە نیو کاتژمێر درەنگتر گەیشتین، چونکە تاقانەی ئەنفال سەباح نەجمەدین پەیوەندیەکەی ڕێکخستبوو ئەو چاوەڕوانمان بوو، کاتژمێر ٨:٣٠ گەیشتین و چووین بۆ ماڵی کازم، هەرچەندە من زۆر ماندوو بووم بە درێژایی ڕۆژ لە دیداری تاقانەکاندا بووم، بەلام بەدیداری ئەم کورە کەوتمەوە چالاکی و بێتاقەیەکەم نەما،کازم بەواتای وشە قوربانی ئەنفال و سیاسەتی ناعادیلانەی تۆتالیتاریزمە، کەسێکی بەئەدەب و هەژارە، لە گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا خۆی و هاوژینەکەی لە خانوویەکی جوان و پاک وتەمیزدا لە کۆمەڵگای ڕزگاری یاخود مەملەکەتی کەسوکاری ئەنفالکراوان سەریان بەیەکەوە ناوەو بێدەنگ لێی دانیشتوون. ئەنفال هێندە کاریگەری بەسەر کازم فەتاحەوە هەیە دەڵێی هێشتا بە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ نەگەیشتووە، وەک چۆن دکتاتۆریەتی بەعس ماڵی وێران کردووە، ئازادی و دیموکراسیش روناکییەکی پێنەبەخشیوە.چونکە ئەو هێشتا بەقوڵی بیرناکاتەوەو هەستکردن بە بێکەسی هێندەی تر بێتاقەتی دەکات .

ماڵی باوکی کازمیش وەک هەر گوندنشینێکی کوڵەجۆی حاجی حەمەجان بژێوییان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو، ئەوکاتەی ئەنفال گەیشتە ناوچەکەیان کازم لەگەڵ مامێکی بەناوی برایم لە قلاقۆچاڵی بەدیار ئاژەڵەوە بوون و ئاگایان لە دنیای جەنجەڵی سیاسەت نەبوو نەخشەی چ پلانێکی خوێناوی و تراژیدی بۆ دارشتوون.

کازم تەنها ساڵێک چووەتە قوتابخانە و ئیدی ئەنفالی بەسەردا هاتووەو خوێندنەکەشی لەدەست چوو، لێرەوە دەشێت رونتر وێنەی ئەنفال ببینین کەوا هەرگوندی نەروخاندو هەر کۆمەڵکوژی نەخستەوە بەڵکو دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و یاسایی بۆکەسوکاری ئەنفالکراوان بەجێهێشت، بەلای کەمەوە ئەو منداڵانەی گوندەکانی لە خوێندن بێبەشکرد،ئەوە ئەگەر بەختی دەربازبوونیان هەبووبێت و نەکوژرابن . ئەنفال بەجۆرێک کازم وهاوتەمەنەکانی هەڵدایە پەراوێزی ژیانەوە نەک خوێندن تەنانەت لەهاوڵاتی بوونیش بێبەشی کربوون،کازم هاوڵاتیەکی مەینەتباری دوای ئەنفالە تەنانەت رۆژی لە دایکبوونی خۆشی نازانێ. ئەو بە تەسکەرە لەدایکبوی ساڵی ١٩٨٢ بەڵام دەڵێت بەخوا مەگەر درۆت بۆبکەم هێشتا نازانم مولیدی چەندم دایک وباوکم زوو ئەنفالکراون و منیش تەسکەرەم لەوەختی خۆیدا

بۆدەرنەهاتووە، بەلام بەبڕوای خۆی تەمەنی زیاترە لەوەی بۆی دانراوە. ئەو سەروەختی ئەنفالی بەباشی لەبیر نایات. چونکە ئەو منداڵ بووەو تەنانەت روخساری دایک وباوک و خوشک وبراکانیشی لەبیرنەماوە، پێدەچوو ئەوەی بۆم دەگێڕێتەوە هەرئەوەبێت کە لە دەمی ئەوانی ترەوە بیستبێتی، بەلام ئەوەی بیرە لەگەڵ مامێکی بەناوی ئیبراهیم بەلای مەڕەوە بوون و بەهۆی مەڕەکانیانەوە رزگاریان بووەو نزیکەی دوو شەو هەتا سێ شەویان پێچووە هەتا گەیشتبوونە (صمود) ڕزگاری، لەوێ مەڕەکانیان هەرزان فرۆش کردووەو سەرەتا چووەتە ماڵی باپیرەی (باوکی دایکی) بەڵام دواتر دەچێتە، ماڵی ئامۆزایەکی باوکی کە ناوی جەلال ئەحمەد عەبدولکەریمە خۆی و مامەی (ئیبرایم) ماوەیەک لەوێ داڵدەدراون و لە ماڵی ئەوان خۆیان پەناداوە. جەلال چاکەی لەگەڵدا کردوون، هەتا ساڵی ٢٠٠١ کازمی گرتە خۆی و دواتر هەر لەو ساڵەدا کەنیشکەکەی خۆی پێداوەو بووەتە زاوای . کازم دەڵێت هەتا ماوم قەرزداریانم و رۆژانی تەنگانە فریام کەوتن و هەرئەویش کەنیشکەکەی خۆی پێدام و ئێستا هاوسەرمە . سەبارەت بە چارەنوسی مامەی ئیبراهیم گوتی : ئەویش دوایی هاوسەر گیری کردو منداڵی بوو بەڵام بەداخەوە لەساڵی ٢٠٠٩ بەرووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد .

کازم هیچ دەربارەی ئەنفالکردنی کەسوکارەکەی نازانێ ئەوەندە نەبێ کە رۆیشتوون بۆ ملەسورەو لەویشەوە جەیش دەورەی گرتوون و بەسواری زیلی عەسکەری و تراکتۆر بردوایانن و ئیتر یەکتریان نەبینیوەتەوە. کازم ژیانی ئۆردوگا نشینی زۆر بەلاوە ناخۆش بووە، لەبەرئەوەی بێکەس ماوەتەوەو تەسکەرەشی بۆ دەرنەهاتووەو نەیویراوە بگەڕێت، گرفتی ئەمیش وەک بورهان حەمەخان و ساڵحی گوندی گڵاڵ کەوە بووە، دایک وباوکی لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیریان نەبووەو لە نەفوس هێشتا هەر کوروکچ بوون، بۆیە ئەمیش نەنکی تەسکەرەی بۆ دەرهێناوەو کردوویەتی بەکوڕی خۆی واتا بە تەسکەرە هویەی باری شارستانی کازم بووەتە کوری نەنکی و برای باوکی ، هەر دەبوو ئەوەشیان بکردایە چونکە ئەوسەروەختە ئەگەر پێناسی بۆ دەرنەهاتبایە لەهەر کوێیەک بگیرایە توشی گرفتی گەورە دەبوو، هەر لەگرتن و زیندانی کردنیەوە هەتا بە سزای لەسێدارەدان دەگات، ژیان لەسایەی بەعسیەکان بەو ئەندازەیە مەترسیدار بوو. لەبەرئەوە هەتا ساڵی کازم بەزۆری هەر لەماڵی ئامۆزاکەی باوکی دەمایەوەو کەم دەچووە دەرەوە.

**لەبنەی بابەلێ (باپیرە)مان هەژدەکەس ئەنفالکراون :**

١٩٩١ کازم زۆربەی خزم وکەسوکارەکەی گیراون وئەنفالکراون لە نەوەی باوەلێی (باپیرە)ی (١٨) کەس گیراون ولە ماڵی خۆشیان (٧)کەسیان ( دایکی وباوکی و دووبراو سێ خوشک)ی گیراون و تەنها خۆی دەربازی بووە، ئەنفاکراوەکانی ماڵی خۆیان بریتین لە باوکی (فەتاح محەمەد عەبدولکەریم و دایکی خانم محەمەد خوشکەکانیشی قادرگوڵناز فەتاح و دڵخوازو سوعاد براکانیشی شێروان و نازم) هاوکات دوو مامەشی بە ناوەکانی سەعید ونوری ئەنفالکراون یەکێکیان خێزاندار بوو هاوژینەکەی وسێ منداڵیشی لەگەڵدا ئەنفالکراون، مامێکیشیانی هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو پورەکانیشی بەناوی رازیەو ئاوازو حەییات ئەنفالکراون. بەپێی ساڵی لەدایکبوونی خوشک وبراکانی بێت پێدەچێت کازم لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ بووبێت چونکە لە نیوان (گوڵناز و سوعاد) دا ماوەیەک هەیە پێدەچێت کازم لەنیوانی هەردکیاندا لە دایک بووبێت . ئەگەرواش بێت ئەوسا لەکاتی ئەنفالدا تەمەنی هەشت ساڵان بووە .

**یادەوەری منداڵی :**

هەرچەندە کازم زۆر بەمنداڵی لێی قەوماو شتێکی ئەوتۆی پێش تاوانەکە و کاتی ئەنفالی لەبیرنەماوە، بەڵام ئەوەی لەبیرە کەوا ئەگەر لەگوندەکەیان شایی ببووایە ئەوا ١٥ رۆژ خەڵک شاییان دەکردو ژن و پیاو هەڵدەپەرین، ئەم هەماهەنگی خۆشی دەربرینە پێچەوانەکەشی هەر

روابـووە، ئەگەر كەسـێک پرسـەی ببـوایە ئەوا هەموو خەڵکی دێی کوڵەجۆ بەشداری پرسەکەیان دەکردو هاوکاریان دەکرد . سەبارەت شەڕو یاری و منداڵان و شەوانی گوند دەڵێت هیچم بیرنەماوە نە یـاری و نەشـەڕی کـوڵانی منـداڵان ئەگەر بووبێتیش ئێستا بیرم نەماوە، لەکوڵەجۆ ماڵی تەیمور عەبدوڵاو حەسەن مەحمود هاوسێمان بوون هەرئەوانیش هاوڕێی منداڵیم بوون،ئەوسا بەمنداڵی تەیمور تاقانە بوو منداڵێکی شەرانی نەبوو، نازانم لەم دواییە بۆ وای پێهات ، بەڵام ئێستا کەس ڕەفیقم نیە.

**گرفتی یاسایی :**

گـۆڕینی شـوناس و دوبـارە گەڕانەوە بـۆ سـەر بنەرەتی خۆ.

هەر کە نەنکـی لەنوگرەسـەلمان ئـازاد بـوو گەڕایەوە بــۆ رزگــاری ، بــۆئەوەی ئەم کورەزایەشی نەفەوتێ فێڵێکی لە حکومەت کرد بۆ ئەوەی تەسکەرە بۆ دەربهێنێ کازمی کرد بەکوری خۆی ، دوای بێنەبەرەیەکی زۆر کازم تەسکەرەی بـۆ دەرهێنـرا، بەڵام بـوو بەبـرای بـاوکە ئەنفـالکراوەکەی ! بەڵام دوای ئەوەی بەعـس ڕوخاو ئیمتیازی کەسوکاری ئەنفالکراوان هاتە پێشەوە ئیدی ئەوەش گرفتێک بوو، بەوپێیەی کـازم کـراوەتە بـرای بـاوکی و ئیدی لە هەموو ئیمتیـازێکی کەسوکارەکەی بێبەش دەبێت، ئەو پەرەکەی دەتـوانێ دەتـوانێ وەک بـرای ئەنفالکراوێـک خـۆی بناسـێنێ کەئەویـش لەبنەرەتدا بـاوکێتی نەک بـرای .. بـۆیە دەبوو سەرلەنوێ لە ڕێگەی دادگاوە ئەوەی لەسـەردەمی بەعـس نەنکـی کردوویەتـی لەسـەردەمی دوای بەعـس هەڵـی بوەشێنێتەوە، دایک وباوکی لە فەرمانگەی باری شارستانی (دائیری نفوس) بکات بەژن ومێردو خۆشی بکاتەوە بەکوریان . ئەمەش بێـنەو بەرەو وەرەو بـرۆو پـارەیەکی زری ویستووە، بەلام لەوسەر وەختەدا پارێزەرێکی زیـرەک هەبـووە بەنـاوی ( محـامیٔ عەزیـز) هەرچەنــدە پــارەی لێســەندوون، بەڵام لەکیشـەکانیان تێگەیشـتووەو هاوکـاری باشـی کردوون و ئەم جۆرە کەسانەی خستووەتەوە سەر بنەرەتی خۆیـان . لەراستیدا ئەوە یەکیک بوو لەگـرفتە یاسـاییەکانی ئەم قوربانیـانەو تێنەگەیشتنی دام ودەزگاکانی حکومەتی کوردی بەرپرسـان و حاکمەکـان هێنـدەی لەسـەر رێگـای قانون دەڕۆیشتن هێندە کاریـان بە تێگەیشتن لە کێشەکانیان نەبوو، ئەوان وەک بڵێی کوری ئەم مـیللەتە نەبـن و نەزانـن ئەنفـال تـاوانێکی گشتگیرەو گرفتی ئەنفالکراوان هەموو جومگەکانی ژیانی گرتوونەتەوە،لەوە تێنەدەگەیشتن کە کازم بۆچی تەسکەرەی نەبووە ؟! بـۆچی نەنکێک یان باپیرەیەک یاخود مامێک ناچار بووە کورەزاو برازاکانیـان بکەن بە کوری خۆیان ؟! تەنانەت چاوایان لەوە خورد نەکردووە ئەم دیاردەیە چیە وا لەم کاتەدا سەری هەڵـداوە ؟ کازم دەڵێت من زیـاتر لەشـەش مانـگ لە رزگـاریەوە بـۆ کەلارو لەوێـوە بـۆ کفـری و دیسـان وەرەوە بەڵام لە گـرفتەکەم تێنەدەگەیشـتن، جـاری وەهـا بـوو شـایەتەکانم دەبـرد بە زمـانی بەرۆژووەوە بەڵام حـاکم نەیـدەبینین و بە هەناسـە سـاردی دەگەڕاینەوەو ئینجا دەبوو سەرلەنوێ رۆژێکی تر دەست پێبکەمەوە، گرفتەکەی من گەورە بوو دایکم و باوکم لە دائیرەی نفوس هەر کوروکچ بوون. لە راستیشدا ژن و مێرد بوون و بەمنەوە شەش منـداڵیان هەبـوو، لەهەمووشـی ناخۆشـتر هەموویان ئەنفالکرابوون و هەرمن مابووم .

**هاوسەرگیری :**

کـازم بیری کـردەوە کەوا ماڵێک پێکەوە بنێ و چیتـر لەسـەرماڵی خەڵـک نەمێنێـتەوە، یەکەم کەس داوای لە ئـامۆزاکەی بـاوکی کـرد کە بۆئەوەی دابمەزرێت داوای ژنـی بـۆ بکـات، بەڵام ئەویـش کـورد وتەنـی نەیکردبـووە نـامەردی و گوتبـووی ئینجـا مـادام مـن بۆخـۆم کچـم هەیە بۆچی داوای کچی خەڵکت بۆ بکەم ؟ دوای پرس وراوێژ بەکچەکەی هەردولا پێکهاتبوون و هەمان ئەو پیاوەی کە لەماڵی خۆی حەواندبوویەوە هەر ئەویش دوای ئەوەی ڕەزامەندی کوێستانی کچی وەرگرت هاوسەرگیرییەکەی پێکهێناو کویستانی کچی لەگەڵ کازم هاوسەرگیریان کردو پێکەوە

مالّێکیان پێکەوە ناو هەتا ئێستا بە ئاسودەیی پیکەوە دەژین .

**جەژن وەک پرسەیە لەماڵماندا :**

لە دیمانەکەماندا ئەم تاقانەیەی ئەنفالیش ڕۆژانی جەژن بە ئاسودەیی بەرێناکات بە پێچەوانەوە زۆر بە هاتنی جەژنەکان زۆر بێتاقەتە و حەزناکات ڕۆژانی جەژن بێنە پێشەوە چونکە کەسوکاری نەماون، هەتا سەردانیان بکات یاخود ئەوان سەردانی بکەن، ئەمەو ڕۆژانی سالانی ڕابوردووی جەژن لەیادەوەریدا ڕۆژانی تاڵن بۆیە ئارەزووی هاتنی ئەو جەژنانە ناکات، لەو بارەیە دەڵێت بۆیە بێتاقەتم ماڵی باوک نیەو ماڵ و خوشک و برانیەو هەمووی هەر ئەنفالکراوە ئەی جەژن بۆمن کوا ؟ حەزدەکات بەردەوام یادی ئەنفالبکرێتەوەو ڕێز لەکەسوکاری ئەنفلکراوان بگیرێت گلەیی ئەوەی لەبەرپرسان هەیە کە ناچنە یادی ئەنفال و سەردانی کەسوکاری ئەنفالکراوان ناکەن .

**ناچمە پرسەیان :**

سەبارەت بەجاش وموستەشارەکانیش دەڵێت : هەقە هەموویان سزای خۆیان وەربگرن . پێم ناخۆشە کەسوکاری ئەنفالکراوان دەچنە پرسەی جاش وموستەشارەکان من هەرگیز نەچوومە پرسەیان و لەداهاتوشدا ناچمە پرسەیان . هەقە ئەوەی کەسوکاری ئەنفالیش بێت نەچێتە پرسەیان، لەراستیدا ئەمە سزادانێکی کۆمەلایەتی و بەرپەرچدانەوەیەکی ئەخلاقی گرنگە هەم بۆئەوانەی بەشداری تاوانی ئەنفالیان کردووەو هەم بۆ ئەو بەرپرسانەش کە دالدەیان داون .

سەبارەت بەرێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال وریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وتی : هەرچەندە هەتا ئێستا هیچی ئەوتۆیان بۆ کەسوکاری ئەنفال نەکردووە، بەلام بەهیوام لەداهاتوودابیکەن و لەکێشەکانمان تێبگەن. هەقوایە بزانن کیشەی ئێمە چیە .

**ئەنفالکروانی ئەم خانەوادەیە بریتی بوون لە :**

1. فەتاح محەمەد عەبدولکەریم لەدایکبووی ١٩
2. خانم محەمەد قادر ١٩
3. گوڵناز لە دایکبووی ١٩٧٨
4. سوعاد لە دایکبووی ١٩٨٢
5. دلخواز لە دایکبووی ١٩٨٤
6. نازم لەدایکبووی ١٩٨٦
7. شیروان لە دایکبووی ١٩٨٨

## تاقانەیەکی دی کۆچی دوایی کرد



**حەسەن حوسێن تاوگۆزی، تاقانەی ئەنفال کۆچی دوایی کرد.**

کۆچکردوو، لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٨ بوو، باوکی سێ کچ و کوڕێکە، لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا ڕۆژی ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ (٩) کەس لە خانەواکەی بەگازی کیمیایی گیانیان لە دەستدا، ماوەیەکی زۆر بەتەنیایی ژیانی بەسەر برد، ئەفسوس شەوی ٢٢/٢٣/١٢/٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد. جێگەی سەرسوڕمانە ئەم تاقانەیە ناوی لەناو هیچ لیستێک لەو ناوانەدا نەبوو، کە بۆ تاقانەی ئەنفال و کیمیاباران ئامادەکراون.